
گوگڵی کوردی،
بەهێزترین گەڕان
بۆ وشەی کوردی
2


فۆرمیولا ماتماتیکیەکان
لە بەرنامەی
مایکرۆسۆفت ئێکسڵ
3


دیدارێك لەگەڵ
بەڕێوەبەری سایتی
(کوردستان نێت)
4


منداڵ و
بەکارهێنانی
ئینتەرنێت
5



www.c4kurd.com

# سی فۆر کورد

C4kurd
A Biweekly Publication on Information Technology

No. (18) First Year
Tuesday June. 17 2008

(٨) لاپەڕەیە
نرخی (٥٠٠) دینارە


## قوتابیانی زانستی کۆمپیوتەری کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی داوای گۆڕینی ناونیشانی بەشەکەیان دەکەن



ڕاپۆرتێك لەم بارەوە لە لاپەڕە (٢)دا بخوێنەرەوە..


هەفتەنامەیەکی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان — دوو هەفتە جارێک دەردەچێت

ژمارە (18) ساڵی یەکەم سێ شەممە 17-06-2008


# سەرەتایەك بۆ فێربونی بەرنامەی مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت

لاپــــەڕە ٦

## مۆبایلی iPhone ی نەوەی سێهەم تەنها بە ١٩٩ دۆلار



ستیڤ جوبزی خاوەنی کۆمپانیای ئەپڵ ئەوەی ڕاگەیاند کە دوای فرۆشتنی هەموو ئامێرەکانی ئایفۆنی نەوەی دووەم، ئێستا ئایفۆنی نەوەی سێهەم بەرێوەیە بە نرخێکی هەرزانتر لە نەوەی دووەمیش. ئەویش تەنها بە 199 دۆلار لەگەڵ ئەوەی نەوەی دوەم بە 299 دۆلار بوو. وا بڕیاریشە لە نزیکەی 70 وڵاتی جیهان بڵاو بکرێتەوە.

لە لاپەڕە (2)دا باسێك لەسەر ئایفۆن بخوێنەرەوە.

## ڕێکەوتنێک لە نێوان گوگڵ و یاهو کە بەرهەمی ساڵانەی ٨٠٠ ملیۆن دۆلار دەبێت

هــــەردوو کــۆمــپــانــیــای زەبەلاحی ئەمریکی یاهوو و گوگڵ لە پێنج شەمەی ڕابــردوو ڕایانگــەیاند کە هەستاون بە ڕێکەوتنامەیەك لە نێوانیاندا کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی ریکلام لە بەشی گەڕانەکەیاندا. بەشێوەیەك هەر لایەکیان دەتوانن ریکلامی لایەنەکەی تر بــڵاو بکاتەوە لە نێو سایتەکەی خۆیاندا. کە وا مەزندە دەکرێت ئەم ڕێکەوتنە ساڵانە قازانجی 800 ملیۆن دۆلاری لێ دەکەوێتەوە. ئەم ڕێکەوتنەش بۆ ماوەی چوار ساڵ‌و دەتوانرێت دوای ئەوەش بۆ ماوەی 10 ساڵی تر تازەی بکەنەوە.

ئــەم ڕێکەوتــنەش دوای ئــەو ڕێك نەکەوتنەی نێوان مایکرۆسۆفت و یاهوو دێت کە مایکرۆسۆفت نەیتوانی یاهوو ڕازی بکات بە کڕینی.

## گوگڵ بەشی تەندروستی بۆ بەشداربووەکانی دەکاتەوە

هەمیشە گوگڵ پێشەنگە بۆ ئەوەی کاری داهێنان و سەرنج ڕاکێش بکات. یەکێك لە کارە زۆر گرنگەکانی کە لەم ماوەیەدا ئەنجامی داوە کردنەوەی بەشی تەندروستیە. کە تێیدا ئەوانەی ئیمەیڵیان لە گوگڵ هەیە بەشێك بۆ خۆیان بکەنەوە لەو بەشەدا هەرچی ڕاپۆرتی پزیشکی و ئەو دەرمانانەی بەکارت هــێــنــاوە بــەکــاری دەهــێــنــێــت بــاسی بکەیت. کە بە هۆیەوە دەتوانیت یارمەتی دکتۆرەکەت بدەیت بۆ ئاسان تێگەیشتن لــە نەخۆشیەکانت. هەروەها دەتوانیت بۆ شێوەی نەخۆشیەکان بگەرێیت و زانیاری لەسەر زۆربەی نەخۆشیەکان وەربگریت. لەگەڵ ئەوەش ناو و ناونیشان و شوێنی زۆربەی دکتۆرە بەناوبانگەکانی تێدایە بە هۆیەوە دەتوانیت بیاندۆزیتەوە.

دەتوانیت لەم لینکەوە بچیتە ناو سایتەکە www.google.com/health



## چۆن مەکین لە گوگڵ دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا!!



ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێ هەروەکو چۆن چوەتە ناو هەموو بەشەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، هــەر بــەو شــێوەیــەش ڕوخساری شێوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکای گۆڕیوە. بەشێوەیەك هەریەك لە ئۆباماو مەکین پشت بە تەکنەلۆژیاو بەتایبەت بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دەبەستن بۆ کاری پروپاگەندەو ئاسانکاری هەڵبژاردنەکانیان.

هەر بۆیە سیناتۆری سەر بە کۆماریەکان (جــۆن مــەکین) لــە گوگڵ دەگــەڕێت بۆ دۆزینەوەی کەسێکی شیاو ئەگەر بوو بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا و بیکاتە جێگری خۆی. هــەروەها ئــەوەشــی نەشاردۆتەوە کە گوگڵ زۆر یارمەتیداوە بۆ کارەکانی و دۆزینەوەی کەسی شیاو.

لەلایەکی تــرەوە زۆرێك لە چاودێرانی هــەڵــبــژاردنــەکــانــی ئــەمــریــکــا بــاوەڕیــان وایــە سایتەکانی تایبــەت بــە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو فەیس بوک و مای سپەیس ڕۆڵــی یەکجار زۆری بینیوە لە بردنەوەی ئۆباما بەسەر هیلاری کلینتۆندا. بەشــێــوەیــەك یــاریــدەدەرو هاوکارەکانی ئۆباما بۆ هــەڵبژاردنەکان زیاتر لەسەر ئینتەرنێت کاریان کردووە توانیویانە بەهۆی پەیوەندیەکانیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زیاتر دەنگ بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

## بەشداربە لە گەیاندنی فایەر فۆکس بە کتێبی گینس



فایەر فۆکس یەکێکە لە بەرنامە هەرەگرنگەکانی کــردنــەوەی سایتی ئینتەرنێت. کە زۆر لە ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر بەناوبانگ ترو بەهێزترو خێراترە لە کردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت. لە سەروی ئەمانەشەوە بەرنامەکە بە خۆراییەو ئەو کارەشــی وای لێ کردوە زیاتر بەناوبانگ بێت. ماوەی زیاتر لە شەش مانگ دەبێت کۆمپانیای دروستکەری فایەرفۆکس ئاماژە بەوە دەدات کە ڤێرژنی 3 بەرێوەیەو چەندان گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تێدایە. بۆ ئەم مەبەستە چەند ڤێرژنێکی بێتای لێ دەرچووە وا چاوەڕێ دەکرێت ئەمڕۆ سێشەممە 17/6/2008 ڤێرژنی کۆتایی ئامادە بێت بۆ داونلۆدکردن.

ئــەوەی کۆمپانیای نــاوبــراو لای گرنگە ئەوەیە لە کاتی دانانی ئــەم ڤــێرژنــە زۆرترین کــەس لــە مــاوەی 24 کاتژمێر داونلۆدی بکەن و ئەگەر بتوانێت ڕێژەیەکی زۆر بە دەست بهێنێت ئەوە دەچێتە ناو کتێبی گینسەوە بەوەی لە ماوەی 24 کاتژمێردا زۆرتــریــن داونــلــۆدی لــێــکــراوە. بــۆ ئــەم مەبەستەش فایەرفۆکس داوای لـــە عاشقانی بەرنامەکەی کردوە کە ناوی خۆیان تۆمار بکەن و ئـامـادەبـن لە کاتی دیاری کراو و لە ماوەی 24 کاتژمێر هەمویان بەیەکجار داونلۆد بکەن. تا ئێستاش زیاتر لە 2 ملیۆن کەس ناوی خۆی تۆمار کــردوەو خۆیان ئامادەکردوە لەو ڕۆژە هــەســتــن بــە داونــلــۆد کردنی بەرنامەکە.

ئەگەر توانی ڕێژەیەکی زۆر بە دەست بهێنێت ئەوە بێگومان ناوی فایەر فۆکسیش دەچێتە ناو کتێبی گینسەوە و دەبێتە یەکەم بەرنامە لە ماوەی 24 کاتژمێر زۆرترین داونلۆدی لێکراوە.

## سامسۆنگ یەکەم مۆبایل دروست دەکات کە بە ویندۆز مۆبایل کار دەکات



کۆمپانیای بەناوبانگی دروستکردنی مۆبایلی سامسونگ ئەوەی ئاشکرا کرد کە مۆبایلێکی جۆری i900 دروســتکردووە بە Windows Mobile 6.1 کار دەکات. ئــەم مۆبایلەش لە ڕوانگەی پێشبڕکێ لەگەڵ ئایفۆندا دێت هــەروەکو چۆن هــەموو کۆمپانیاکانی تری تایبەت بە دروستکردنی مۆبایل پێی هەستاون. ئەویش دەتوانیت بە لەمس کاری پێ بکەیت و میمۆریەکەی ناوخۆی 8 گێگا بۆ 16 گێگاییەو کامێراکەی 5 مێگا پیکسڵە و جگە لەمانەش سەپۆرتی WiFi دەکات و ڕادیۆیی تێدایەو کار بە GPS دەکات.


گروپی سی فۆر کورد

دابین کردنی هۆستینگ

دروست کردنی سایتی ئینتەرنێت

دیزاین و نەخشەسازی جۆراوجۆر

C4kurd GROUP

داتانی سیستمی داتابەیس

نێتۆرکینگ

www.c4kurdgroup.com

0750 4461340
harda@c4kurd.com

0750 4664288
hazimjaf@c4kurd.com

0750 4562693
hemn@c4kurd.com

ڕەوەز عوسمان نوێنەری خوێندکارانی مانگرتووی بەشی زانستی کۆمپیوتەر:

# سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی پێداوین کە بەدەم داواکارییەکەمانەوە بێت و لەدانیشتنەکانیاندا بیخەنە ژێر تاوتوێ کردنەوە.

سازدانی: سی فۆر کورد

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو سەرجەم قوتابیانی بەشی کۆمپیوتەری کۆلێژی زانست لە زانکۆی سلێمانی، کە ژمارەیان زیاتر لە 300 قوتابی دەبوو بە هەرسێ قۆناغەکانی ئەو بەشە، نەچوونە هۆڵی تاقیکردنەوەکان لەکاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ و مانیان گرت، دواتر مانگرتنەکەیان گواستەوە بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی گۆڕینی ناونیشانی بەشەکەیان لە کۆلێژی زانست بەشی کۆمپیوتەر بۆ ئەندازیاری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

شایەنی باسە دوای ئەوەی یاداشتێکیان دایە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەوەڵامدا پێیان وترا کە بچنەوە بەشداری لە تاقیکردنەوەکان بکەن و ئەوانیش مانگرتنەکەیان بردە بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

لەبەشێکی یاداشتی قوتابییەکاندا هاتووە کە گۆڕینی ناوی بەشی زانستی کۆمپیوتەر لە کۆلێژی زانست بۆ ئەندازیاری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بۆ چەند مەبەستێکی تایبەت زۆر گرنگە کە پەیوەستە بەپێشکەوتنی ئاستی زانستی و وەبەرهێنانی کادیر و پسپۆری بەتوانای ئەندازیاری ئای تی لە کوردستاندا.

بۆ ئەو مەبەستە هەفتەنامەی سی فۆر کورد لە دوایین ڕۆژی مانگرتنی قوتابیان لەبەردەم پەڕلەمانی کوردستان چاوی سلێمانی کردووە، هەموو ساڵێك بەڵێنمان پێ دەدەن کە بەدەم داواکارییەکەمانەوە بێن و بۆمان جێبەجێ بکەن، کەچی لە کۆتایی ساڵ پەشیمان دەبنەوە و بەڵێنەکان نابەنەسەر و تائێستا هیچمان بۆ نەکراوە، بۆیە ئێمەش وەکو قوتابیانی



Photo: AS

کەوت بە خوێندکار ڕەوەز عوسمان مەحمود، قوتابی قۆناغی سێهەم، وەکو نوێنەری هەموو خوێندکارانی بەشی کۆمپیوتەر. بەم شێوەیە بۆمان دوا:

ئەوە بۆ ماوەی چوار ساڵە، ئێمە وەکو خوێندکارانی بەشی کۆمپیوتەر ئەم داوایەمان پێشکەش بە سەرۆکی زانکۆی بەشی کۆمپیوتەر بڕیارماندا کە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا نەچینە ناو هۆڵەکانی تاقیکردنەوە، هەتا بەدەم داواکەمانەوە دێن و بۆمانی جێبەجێ دەکەن. دواتر ئەوەشی ڕونکردنەوە کە داواکەیان لەسەر ئەو بنەمایانە هاتووە کە نمرەی پێویست بۆ وەگرتن لەم بەشە هاوتای نمرەی وەرگرتنە لەبەشی ئەندازیاری سۆفت وێر لە زانکۆی سەلاحەدین، جگە لەوەش سەرجەم وانە و پرۆگرامەکانی خوێندن هاوتای وانە و پرۆگرامەکانی خوێندنە لە هەردوو بەشی ئەندازیاری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە زانکۆی کۆیە و ئەندازیاری سۆفت وێر لەزانکۆی سەلاحەدین.

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، کە تەنها بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان لە هەولێری پایتەخت بەدەم داواکیانەوە هاتووە ڕێی پێداون بۆ ماوەی دە خولەك باس لە کێشە و داوکارییەکەیان بکەن، لە کۆتایشدا ڕوەز عوسمان بە سی فۆر کوردی ڕاگەیاند کە بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان بەڵێنی پێداوین کە بەدەم داواکارییەکەمانەوە بێت و لەدانیشتنەکانیاندا بیخەنە ژێر تاوتوێ کردنەوە بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە وەکو قوتابیان بڕیارماندا ڕۆژی 12/6/2008 بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی و بەڵام هەر بەردەوام دەبین لەمانگرتن، تا وەڵامێکی یەکلاکەرەوەمان دەست دەکەوێت خۆ ئەگەر بڕیاربێت، بەدەم داواکەمانەوە نەیەن و وەڵامەکانیان ئیجابی نەبێت ئەوا ئێمە وەکو قوتابیانی بەشی کۆمپیوتەر ئامادەنابین لە هۆڵەکانی خوێندن و تاقیکردنەوە و بەهیچ جۆرێك ئامادەنین لەو بەشە بخوێنین و درێژە نادەین بە خوێندنمان.

# گوگڵی کوردی، بەهێزترین گەڕان بۆ وشەی کوردی





زۆرمان بەشی گەڕانی سایتی گۆگڵ بەکاردەبەین بۆ دۆزینەوەی سایتێك یان بابەتێك، بەڵام ڕەنگە زۆربەمان لە روکارە ئینگلیزیەکەیدا بگەڕێین و لەوێدا بە شوێن شتێکدا گەڕاوین و بە کوردی نوسیومانە. بەڵام گوگڵ روکاری بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان کردۆتەوە. لەو زمانانەش کوردی تێدایە و دەتوانیت هەر لە ناو سایتی گوگڵ زمانی بەکارهێنانەکەی لە ئینگلیزیەوە بکەیتە کوردی، یاخود لە عەرەبیەوە بیکەیتە کوردی، تاکو بە ئاسانتر و بە زمانی شیرینی کوردی ڕێنماییەکانت پێ بدات. بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەیت، چەند هەنگاوێکی زۆر ئاسان دەگریتە بەر و بە ئاسانی روکارەکەت بۆ دەگۆڕێت. سەرەتا سایتی گوگڵ بەم لینکە بکەرەوە: www.google.com ئەوکات ئەم روکارەت بۆ دەردەکەوێت:





وەکو لە روکارەکەی سەرەوە دیارە کلیك لەسەۆ Language Tools دەکەین و دوای ئەوە ئەم روکارەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:



لەو روکارەی ئەو بەردا ناوی ئەو زمانانەی تێدایە کە گوگڵ هەیەتی و یەکێك لەوانە وەکو ئێمە دەستنیشانمان کردوە نوسراوە Kurdish و کلیك لەسەری بکەو ئەوکات گوگڵت بەروکارێکی کوردی بۆ دەکرێتەوە. وەکو لەو وێنەیەی خوارەوە دیارە:





بەم شێوەیە دەتوانیت بۆ وشە کوردی و بابەتە کوردیەکان لە گوگڵی کوردی بگەڕێیت و ئەنجامەکانت بە کوردی بۆ دەربکەوێت.

# دوای تەواوبونی مۆبایلی iPhone لە کۆگاکان، ئای فۆنی 3G کەوتە بازاڕەوە





هێمن فاتح

ئای فۆن ئەو مۆبایلە بوو کە کۆمپانیای ئەپڵ دەری کرد و گۆڕانکاری و شۆڕشێکی لەو بوارەدا بەرپا کرد. بە جۆرێك لە هەموو جیهاندا بە تامەزرۆیی چاوەڕوانی وەرگرتنی وەکالەتی ئایفۆن بون. بەڵام لە ماوەی کەمتر لە 10 مانگ هەموو ئامێرەکانی ئایفۆن فرۆشران لەگەڵ ئەوەی ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ئایفۆنیان دەفرۆشت لە 5 وڵات تێ نەدەپەڕی. لە هەفتەی رابردوو لە کۆنگرەیەکی تایبەت بە کۆمپانیای ئەپڵ ستیف جۆبزی بەڕێوەبەری کۆمپانیا ئەوەی روون کردەوە کە ئایفۆنی نەوەی سێهەم دەکەوێتە بازارەوە بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لە ئایفۆنی نەوەی دوهەم کە بە باشترین داهێنانی ساڵی 2007 دانرا.

یەکێك لە تایبەتمەندیە بەهێزەکانی ئایفۆن ئەوەیە کە تەنهاو تەنها شاشەیەو کیبۆردی نیە. هەموو کارەکان بە لەمس دەکەیت و شاشەیەکی زۆر بەهێزی هەیە لە پیشاندانی وێنەو ڤیدیۆ. جگە لەوەی بە دوو قەبارەی هاردی جیاواز دەرچوو یەکێکیان 8 گێگا بوو ئەوی تریشیان 16 گێگا بایت بوو.

ئایفۆن تەنها لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی تایبەت بە هێڵی مۆبایل ڕێکەوتنامەی مۆر کرد و هەموو کۆمپانیایەك بۆی نەبوو سیمکارتی ئایفۆن بەکاربهێنێت. هەر بۆیە لە سەرەتاوە هەوڵی بە جۆکەر کردنی دراو لە بازاری رەشدا فرۆشرا. لە کوردستانیش لە بازارەکاندا دەست دەکەوێت (هەر چەند هەتا ئێستا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم هەیە) بەڵام توانراوە جۆکەر بکرێت و لەگەڵ سیمکارتی ئاسیاو کۆڕەکیش کار بکات. هەر چەندە ئایفۆن لەگەڵ سەرەتای دروست بونی و بڵاو بونەوەی جێگەی سەرسوڕمانی خەڵك بوو لەو داهێنانە بەهێزە. بەڵام ئەوەی ئەمجارەش جێگەی دڵخۆشی و سەرسوڕمانی خەڵکی بوو جگە لەوەی ئایفۆن لە جۆری نەوەی سێهەمە نرخەکەشی لە ڕادە بەدەر هەرزانەو تەنها 199 دۆلارە. کە ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ 8 گێگا بایت میمۆری نەوەی سێهەم و خزمەتگوزاری وایەرلێس و بەرنامەی زۆری تایبەت بە مۆبایلەکە بە خۆڕایی نرخێکی هەرزانەو ڕەنگە ئەمجارە لە یەکەمجاری دەرچونی ئایفۆن زیاتر تامەزرۆیانی ئەم مۆبایلە بەرەو پیری بچن و هەوڵی بە دەستخستنی بدەن.

لەگەڵ ئەوەش کۆمپانیای ئەپڵ هەوڵ دەدات لەو چەند وڵاتەی کە پێشتر تێیدا فرۆشراوە فراوانی بکات بۆ نزیکەی 70 وڵات و لەوانەش وڵاتی ئوردن و قەتەرو میسری تێدایە. جگە لەوەی چەند زمانێکی تری جیاواز لە ئینگلیزی تێدا دانراوە.

کارێکی تری کۆمپانیای ئەپڵ بۆ پاراستنی ئایفۆن ئەوەیە کە بڕیاری داوە بەهۆی ئینتەرنێتەوە نەفرۆشرێت. چونکە پێشتر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەفرۆشراو هەر بە هۆی ئینتەرنێتیشەوە کۆدی چالاك کردنی مۆبایلەکە وەردەگیرا. کە ئەمەش هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ جۆکەر کردنی و فرۆشتنی لە بازاری ڕەشدا. بۆیە ئەمجارە کۆمپانیای ناوبراو ڕایگەیاند کە ئایفۆنی نەوەی سێهەم تەنها لە ڕێگەی وەکیلەکانیانەوە لەنێو بازاردا دەفرۆشرێت و هەر لەوێش بۆیان ئەکتیڤ و چالاك دەکرێت.

ئەو سیستەمەی لەنێو ئایفۆن کاردەکات پێی دەوترێت Mac OSX و ناوی Snow Leopard لێنراوە. کە هەموو بەرنامەکانی و سیستەمەکەشی جگە لەوەی بە سیدیەك لەگەڵیدایە لە ئینتەرنێتیش دەتوانرێت بە خۆڕایی داونلۆد بکرێت.

لە کۆتاییدا مۆبایلی ئایفۆن هەتا نەیبینیت ناتوانرێت هەست بەوە بکەیت چەندە پێشکەوتوو و سەرنج ڕاکێشەو کارەکانی سانا و ئاسان بەکاردێت. لە کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا نرخەکەی لە 700 دۆلار زیاتر بوە بەڵام چاوەڕێ دەکرێت دوای دەرچونی نەوەی سێهەمی بە نرخی تەنها 199 دۆلار، ئەوا نرخی لە بازارەکانی کوردستانیش نزم بێتەوەو بەکارهێنەرانی مۆبایل پێی ئاشنا بن بتوانرێت بە ئاسانی بکڕدرێت.

# چەند سایتێکی تایبەت بە منداڵان

یونیسیف



www.unicef.org

دیزنی



www.disny.com

رۆشنبیریی منداڵ



www.roshnbiremndal.com

تارا کورد



www.tarakurd.net

لانەی منالانی کوردستان



www.kcnorg.org

BBC منداڵان





www.bbc.co.uk/cbbc

کەناڵی ئاسمانی mbc3 تایبەت بە منالان




www.mbc3.net

pb-skids



www.pbskids.org

منداڵانی ئەردەن



www.kids.jo

کەناڵی ئاسمانی (طیور الجنة) تایبەت بە منداڵان





www.toyoraljanah.com

www.c4kurd.com

# چۆنیەتی ئەپلۆدکردنی فایل بۆ ناو ئینتەرنێت

یەکێك لە کارە گرنگەکان بۆ ئەو کەسانەی بەکارهێنەری ئینتەرنێتن ئەپلۆدکردنە واتە بەرزکردنەوە. چونکە ئاسانکاریەکی زۆرت بۆ دەکات لەکاتی گواستنەوەی زانیاری و هەموو گواستنەوەیەکیش لە سەرتاسەری جیهان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئەپلۆدو داونلۆد دەکرێت

**1- گرنگی ئەپلۆد چیە ؟**

گرنگی ئەپلۆد کردن ئەوەیە کە بەهۆی لینکەوە دەتوانین زۆر بەئاسانی هەر فایلێك کە بمانەوێت بڵاوی بکەینەوە یان بۆ هاورێیەکمانی بنێرین و هەروەها بەرامبەرەکەشت بە تەنها کلیکێك داونلۆدی بکات.

بەتایبەت بۆ ئەوکەسانە گرنگە کە سایتیان هەیە یان دەیانەوێت لە ڕێگەی ئیمێڵەوە وێنە یان بەرنامە بنێرن چونکە ناردنی ڕاستەوخۆ کاتێکی زۆری دەوێت.

گرنگەیەکی تر لە ئەپلۆدا ئەوەیە کاتێك تۆ لە سەنتەرێك یان لەسەر کۆمپیتەرێکی تری و بتەوێت زانیاری بگوازیتەوە بە بێ میمۆری و سی دی، ئەوا تەنها بە ئەپلۆدکرنی و ناردنی لینکەکەی بۆ ئیمێڵەکەت یان نوسینی لینکەکە دەتوانی لە کۆمپیتەرەکەی خۆت داونلۆدی بکەی.

**2- چۆن فایلەکانمان ئەپلۆد بکەینە ناو ئینتەرنێت ؟**

بەرزکردنەوەی فایل جا وێنە بیت یان دەنگ یان ڤیدیۆ.. هتد ئەوا لە ڕێگای سایت و بەرنامەی تایبەتەوە دەکرێت.

ئەو سایتانەی ئەم کارە دەکەن زۆرن بەڵام هەمویان جێگای بڕوا نین چونکە زۆرێك لەم سایتانە کاتێك فایلێك ئەپلۆد دەکەیت دوای چەند ڕۆژێك دەبینی لینکەکەی کار ناکات، چونکە ئەم سایتانە لەلایەن چەند کەسێکەوە بە خۆڕایی دەکرێنەوە واتا سایتێکی فەرمی نین یان سایت هەیە فەرمیشە بەڵام قەبارەی ئەپلۆدەکەت بۆ دیاری دەکات وەك ڕێپێدانی هەبێت ناتوانی ئەپلۆدی بکەیت وەك ڕێپێدانی 100MB تا 500MB تۆ کە فایلێکی 1GB هەبێت ناتوانیت ئەپلۆدی بکەیت.

بەهێزترین ئەو سایتانەی کە جێگەی بڕوانە بریتین لە:

www.megaupload.com
www.4shared.com
www.2shared.com
www.mediafire.com
www.zshare.net

سایتی megaupload بە پلەی یەکەم دێت لەم پێنج سایتە بە هۆی ئاسان کاری زۆرەوە وەك دروست کردنی بەرنامەیەك کە بە هۆی ئەم بەرنامەوە پێویستت بە سایت نابێت دەتوانی ڕاستەوخۆ فایلەکانت ئەپلۆد بکەیت بە قەبارەی 5 گێگا بایت، و لە هەمان بەرنامەشدا کاری داونلۆد بکەی بەهۆی بەستەرەوە، بۆیە باسکردنی ئەمەیان لە هەمویان پێویست ترو گرنگترە.

**چۆنیەتی ناوتۆمارکردن و داونلۆدکرن و کارپێکردنی بەرنامەی Mega Manager**

سەرەتا وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە ناوی خۆت تۆماربکە لە سایتەکە چونکە بەبێ ناوتۆمارکردن ناتوانی سوود لە بەرنامەکە وەربگری.








ئێستا کاری بە ئەندامبون کۆتایی هات. پاشان بۆ داونلۆدکردنی بەرنامەکە سەردانی سایتی www.megaupload.com بکە. وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە:




دوای داگرتنی بەرنامە کە بە دووجار کلیك و نێکست کردن بەرنامەکە ئینستۆڵ دەبێت. پاشان وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە ناو و پاسۆردەکەت بنوسە بۆ چونە چوورەوە




**چۆنیەتی داونلۆد کردن بە بەرنامەی Mega Manager :**





1: داونلۆد کلیك بکە.
2: کلیك بکە بۆ دانانی لینك.
3: لینکی فایلەکە دابنێ.
4 جێگایەك هەڵبژێرە بۆ سەیڤ کردن.
5: ڕەشکردنەوەی ئەو فایلانەی داونلۆدد کردوە.
6: بە کلیك کردن لەسەر ئۆکەی دەست بە داونلۆدکردن دەکات.



هیوا ڕانیەیی
dlekurd1@Hotmail.com

**چۆنیەتی ئەپلۆد کردن بە بەرنامەی Mega Manager:**




1: ئەپلۆد کلیك بکە.
2: زیادکردنی فایل.
3: پاشان براوس کلیك بکە فایلێك هەڵبژێرە بۆ ئەپلۆد کردن.
4: لێرە دەتوانی باسێکی کورت لەسەر فایلەکە بنوسی.
5: ئۆکەی کلیك بکە بۆ ئەپلۆدکردن.

دوای ئەپلۆدکردنەکە ئەم روکارە دەردەکەوێت:




1: زانیاری و لینکی ئەو فایلەی ئەپلۆدت کردوە.
2: بۆ کۆپی کردنی لینکی فایلەکە و دانانی لەو جێگایەی مەبەست.
3: بۆ ڕەشکردنەوەی فایلەکە.

ئێستا کارەکەمان کۆتایی هات هیوادارم سوودی لێببینن.

---

# فۆرمیولا ماتماتیکیەکان لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵ

بەرنامەی ئێکسڵ یەکێکە لەو بەرنامانەی کە پشت بە سیستەمی شیت دەبەستێت و فۆرمیولا زۆر بە گرنگی بە کار دەهێنێت، بۆیە لە زۆربەی بەشە جیاوازە گرنگەکان فۆرمیولا یان فەنگشنی تایبەتی هەیە.

ئەمەی ئەم جارە باسی لێوە دەکەین ئەو فۆرمیولایانەیە کە تایبەتن بە بواری ماتماتیکەوە:

1- فۆرمیولای sum کە بە کاردێت بۆ کۆکردنەوەی لە ناوەڕۆکی زیاد لە خانەیەك

fx =SUM(D1,E1)

| D | E | F |
|---|---|---|
| 4 | 5 | 9 |

وەك دەبینین کە لە خانەی D1 نرخی 4 دانراوەتەوە و لە خانەی E1 نرخی 5 دانرواەتەوە و لە خانەی F1 یشدا فۆرمیولای sum بە کار هێنراوە بەو پێیەی کە لە بەرامبەر fx دەرکەوتووە دواتر لە دوای ئینتەر کردن وەك دەبینین نرخی کۆکردنەوەی هەردوو ژمارەکە دەر کەوتووە. پێویستە ئەوە تێبینی بکرێت کە جاری وا هەیە پێویستە لە جیاتی فاریزەی لە جۆری ; لە جیاتی، دابنرێت، کە ئەمەش لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

ئەگەر زیاتر لە خانەیەکمان هەبوو و ویستمان کۆیان بەکەینەوە ئەوا یەکەم خانە و کۆتا خانە دەنوسین و لە نێوانیان دا نیشانەی : دادەنێین.

fx =SUM(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 2 | 3 | 5 | 6 | 25 |

2- فۆرمیولای max کاری دۆزینەوەی گەورەترین ژمارەیە لە نێوان دوو خانە یان زیاتر. نووسینیشی بە هەمان شێوی sum ە لە دیاری کردنی ئەو خانانەی کە پێویستە ئەژمار بکرێت:

fx =MAX(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 2 | 3 | 5 | 6 | 6 |

لە هەمان کاتدا فەنگشنی min هەیە کە کاری دۆزینەوەی بچوکترین ژمارەیە و بە هەمان شێوەی max کار دەکات.

fx =MIN(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 2 | 3 | 5 | 6 | 2 |

3- فۆرمیولای average کە کاری دۆزینەوەی تێکرای چەند ژماریەکە وەك دەبینین لەم وێنەیەی خوارەوە:

fx =AVERAGE(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 2 | 3 | 5 | 6 | 4.166667 |

دیارە ئەم کردارەی سەرەوە ئەنجام دەدرێت بە شێوەیەکی تر وەك دەبینین لەم وێنەیەی خوارەوە:

fx =SUM(D1:I1)/6

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 2 | 3 | 5 | 6 | 4.166667 |

دیارە تێکرای چەند ژمارەیەك دەردەکرێت بە کۆکردنەوەی چەند ژمارەیەك و دابەش کردنیان بە سەر ژمارەی ئەو خانانەی کە تێکراکەیان دەرکراوە.

4- فۆرمیولای count کاری ژماردنی ئەو خانانەیە کە نرخی تێدا دانراوە لەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە

fx =COUNT(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | | 2 | 3 | | 6 | 4 |

ئەمەی سەرەوە ژماردنی ئەو خانانەی کە نرخی تێدا دانرواە لە d1 تا i1 ئەنجام داوە کە بریتین لە چوار خانە.

دیارە کە باسی نرخ دەکەین ئەوا تەنها ژمارە دەگرێتەوە چونکە ئەگەر پیتێك بنوسرێت تێیدا ئەوا ئەژماری ناکات:

fx =COUNT(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | r | 2 | 3 | s | 6 | 4 |

5- فۆرمیولای counta ئەم فۆرمیولایە کاری ئەژمارکردنی هەموو ئەو خانانەیە کە نرخی تێدا دانراوە ژمارە بێت یان پیت بێت یان هەر شتێکی تر.

fx =COUNTA(D1:I1)

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | r | 2 | 3 | s | 6 | 6 |

6- فۆرمیولای if ئەمەش بە کاردێت بە دیاری کردنی مەرجێك کە پابەندە بە نرخی یەکێك لە خانەکانەوە مەرجەکەش ڕەنگە ئەوە بێت کە نرخی ئەو خانەیە یەکسان بێت بە شتێك یان گەورەتربێت لە نرخێك و هتد.

fx =IF(E1<50,"کەوتوو","دەرچوو")

| D | E | F | G | H |
|---|---|---|---|---|
| | 23 | کەوتوو | | |

لەو وێنەیە ئەوبەردا نرخی e1 کەوتووتە ناو مەرجەکەوە و تاقیدەکرێتەوە و بۆ ئەوەی بزانین لە 50 بچوکترە یان نا، لە حاڵێکدا بچوك تر بوو دەنوسێت کەوتوو و لە حاڵێتێکیشدا مەرجەکە ڕاست نەبوو دەنووسێت دەرچوو:

fx =IF(E1<50,"کەوتوو","دەرچوو")

| D | E | F | G | H |
|---|---|---|---|---|
| | 59 | دەرچوو | | |

دیارە دەتوانین لە ناو فەنگشنی if دا بۆ جارێکی تر هەمان فەنگشن بە کار بهێنینەوە:

fx =IF(E1<50,"کەوتوو",IF(E1<70,"دەرچوو","باش"))

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 78 | باش | | | | |

ئەمەی سەرەوە نرخی e1 دەخاتە ژێر پرسیارەوە ئەگەر لە 50 کەمتربوو ئەوا دەنوسێت کەوتوو و ئەگەر نا پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە ئایا نرخی e1 لە 70 کەمترە یان نا ئەکەر کەمتر بوو دەنووسێت دەرچوو ئەگەر نا واتا ئەگەر لە 70 زیاتر بوو یان یەکسان بوو ئەوا دەنووسێت باش.

7- فۆرمیولای countif کاری ژماردنی ئەو خانانەیە کە نرخێکی دیاری کراویان هەیە وەك:

fx =COUNTIF(D1:I1,"=5")

| D | E | F | G | H | I | J |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | 5 | 2 | 3 | 5 | 6 | 2 |

لەم وێنەی سەرەوە کاری ئەم فەنگشنە ژماردنی ئەو خانانەیە کە نرخەکەیان بریتین لە 5 دیارە لەم ماوەدا واتە لە d1 ەوە تا i1 تەنها دوو ژمارە 5 هەیە.

---

OPEN

## منداڵ و سایتە کوردییەکانی منداڵ

**بەڕێوەبەری نووسین**

یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی ڕاگەیاندن و دەستکەوتنی زانیارییەکان لە جیهاندا ئینتەرنێتە، کە ئێستا زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگاکان تاراددەیەك بە ئاسانی دەتوانن دەستەبەری بکەن. ژمارەی سایتەکانی ئینتەرنێت بەردەوام لە زیادبووندان بەهەموو شێوەو جۆرەکانی لە ڕووی ناوەڕۆك و تەکنیکەوە، سایتەکانی تایبەت بە منداڵانیش بەهەمان شێوە لە زیادبووندان چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگیەکی زۆر بە منداڵ دەدرێت لە ڕووی پەروەردەو فێرکردن و پێگەیاندنەوە، چونکە لایان ڕوونە کە منداڵی ئەمڕۆ سەرکردەو پێشڕەوو زاناو شارەزای ئایندەیە، بۆیە دەیان دەزگاو ڕێکخراوی تایبەت بە منداڵان دروست بوون کە کار لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵ و فەراهەم کردنی ژیانێکی خۆش بۆ منداڵان و پاراستنیان لە هەموو شێوەو شێوازەکانی چەوسانەوەو ئیستغلال کردن، هەروەها جێ بەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی منداڵ. وە بەشێکی زۆری کارەکانی ئەم ڕێکخراوانە لە ڕێگەی سایتەکانی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن.

ئەوەی کە من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە کاتێك سەیری سایتە کوردیەکان دەکەین زۆر بەدەگمەن ئەگەر سایتێکی تایبەت بە منداڵانمان بەرچاو بکەوێت لەناو ئەو هەموو سایتە کوردیانە کە بەمدواییانە بەردەوام لە زۆربوون دان، ئەگەر سایتێکیشت بەرچاو بکەوێت ئەوا بەداخەوە لەو ئاستەدا نیە کە جێگای دڵخۆشی بێت، نە لە ڕووی تەکنیك و ستایلەوە کە سایتی منداڵان پێویستی بە ستایلی تایبەت هەیە کە پێوستە کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە دەروونناسی منداڵ دایبڕێژن وە نە لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە.

بە داخەوە دەیڵێم کە چۆن منداڵ لە وڵاتی خۆمان لەسەر ئەرزی واقع فەرامۆش کراوە، لە جیهانی ئەلیکترۆنی کوردیش بەهەمان شێوە، کە بێگومان ئەوەی دووەمیان ڕەنگدانەوەی یەکەمیانە.

ئێستا تا ڕاددەیکی باش بۆ زۆربەی خەڵکی کورد ئینتەرنێت فەراهەم هاتووەو ئەگەر کەسێك بیەوێت دەتوانێت دەستی بخات، ئەگەر بۆ هەندێك کەسیش زەحمەت بێت لەبەر گرانی نرخ بێت یا دووریان بێت لە سەرنتەری شارەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە زۆربەی خەڵك دەتوانێت دەستی بخات جا چ بە بەشداری کردنی بێت لە هێڵەکانی ئینتەرنێت بۆماڵەکان یان لە قاوەخانەکانی ئینتەرنێت یان لە سەنتەرو قوتابخانەکان..هتد.

منداڵیش بە سیفەتی ئەوەی کە پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگایە بۆیە ئەویش کاریگەری ژینگە و دەوروبەری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر دەبێت، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی خێراو زیادبوونی سایتەکان و بەکارهێنەرەکانی ئینتەرنێت لەناو کۆمەڵگاکان، ئەوا بەکارهێنەرانی منداڵیش لە زۆربوون دان، وە لە لای خۆشمان جگە لەوەی کە زۆرێك لە خێزانەکان هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە لە ماڵ ئەوا لە قاوەخانەکانی ئینتەرنێتیش ڕێژەیەکی زۆر منداڵ بەرچاو دەکەون کە خەریکی ئینتەرنێتن یاخود یاری کردنن لەسەر کۆمپیوتەر کە زۆرجار لەبەر نا شارەزایی و نەبوونی چاودێری و نەبوونی سایتی تایبەت بە منداڵان سایتی گەورەکان دەکەنەوە کە ئەمیش پڕیەتی لە سلبیات و کاریگەری خراپ لەسەر دەروون و پەروەردەی منداڵ، جا پێویستە سایتی تایبەت بە منداڵ هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت دوور بخرێنەوە و بپارێزرێن لە سایتی گەورەکان ، چونکە جیهانی منداڵ جیهانێکی تایبەتە پڕیەتی لە پاکی و حەیفە ئەم پاکییە لەکەدار بکرێت و پێویستە لە جیهانی ئەوان شێوەو ڕووخسارو گوفتارەکان جیا بن لە هی گەورەکان.

بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بە پسپۆڕان و شارەزایانی منداڵ و دەزگاو ڕێکخراوو بەڕێوەبەرایەتیەکانی تایبەت بە منداڵان و خەمخۆرانی مافەکانی منداڵان بڵێم کە زۆر گرنگە وە پێویستە گرنگی بە سایتی تایبەت بە منداڵان بدرێت وە کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری منداڵان سەرپەرشتی ئەم سایتانە بکەن وە بە بەشدارییەکی فراوانی منداڵانی کورد، بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموولا دەست لەناو دەست نەوەیەکی دەروون پاك و بە پەروەردەیەکی دروست و ئەقڵێکی پڕ لە زانست و داهێنانکاری ببەخشین بەو میللەتە بۆ ئەوەی دواڕۆژێکی پڕشنگدار بۆ میللەتەکەمان دابین بکەین.

www.c4kurd.com

زنجیرەی تایبەت بە پرۆگرامسازی

# فێربوونی C++ هەنگاو بە هەنگاو

عەبدولباسیت کامل . ماستەر لە I.T . زانکۆی کۆیە

## بەشی شانزەهەم

لەم بەشەدا باسی فەنگشن دەکەین کە بریتیە لە پارچە کۆدێك کە بە ناوێکی دیاری کراو خەزن دەکرێت و دواتر بە بانگ کردنی ئەو ناوە ئەو پارچە کۆدە جێ بە جێ دەبێت.

فەنگشن بە ناوێك دەست پێدەکات و کەوانەیەك دەکرێتەوە و پارچە کۆدەکە تێیدا دەنوسرێت و لە کۆتاییدا فرمانی return بە کار دەهێترێت بۆ گەڕاندنەوەی هەر نرخێك کە دەمانەوێت ئەم فەنگشنە بگەڕێنێتەوە، بۆ نموونە ئەم کۆدە ببینە کە فەنگشنێك ناومان لێی ناوە f و کارێکمان لەناویدا کردوە کە ئینتیجەرێك دەچێتە ژوورە و نرخی فکتریاڵەکە دەگەڕێندرێتەوە:

```
#include "stdafx.h"
#include<iostream>
using namespace std;
int f(int a)
{    int i;int fact=1;
     for (i=2;i<=a;i++)
          fact=fact*i;
     return fact;
}
int main()
{
cout<<f(3);
}
```

```
c:\Documents and Settings
6_
```

وەك دەبینین کە فەنگشنەکە لە پێش بەشی main دەنوسرێت و دەشبینین کە ناوی فەنگشنەکە f و لە جۆری int ە بە واتای ئەوەی کە ئەو نرخەی دەگەڕێتەوە لە فەنگشنەکە لە جۆری int ە. و گۆراوێك ڕەوانەی ئەم فەنگشنە دەکەین کە ناوی a مان لێ ناوە کە لە جۆری int ە . دواتر کرداری بە دەستهێنانی نرخی فاکتۆریاڵ ئەنجام دەدرێت لە ناو بودی ئەم فەنگشنەلە کۆتاییدا فرمانی return fact بە کار هێنراوە کە بە واتای ئەوە دێت هەر کاتێك لە بەشیب main دا ئەم فەنگشنە بە کار هێنرا ئەوا نرخی fact بگەڕێنەوە.

هەندێ جار فەنگشن نرخێکی دیاری کراو ناگەڕێنێتەوە بەڵکو تەنها کۆمەڵێ کردار ئەنجام دەدات، بۆ نموونە ئەم فەنگشنەی کە دەیبینین کاری چاپکردنی کۆمەڵێ ژمارەن کە بریتین لە کۆی دوو ژمارەکەی پێشتری خۆی وەك: 1،1،2،3،5،8،... بەم جۆرە ژمارانە دەوترێت ژمارەی فیبۆناسی.

```
int fib(int a)
{    int i;
     int fib1=1;
     int fib2=1;
     cout<<fib1<<","<<fib2<<",";
     for (i=1;i<a;i++)
     {
          int fib=fib1+fib2;
          cout<<fib<<",";;
          fib1=fib2;fib2=fib;
     }
     return 0;
}
int main()
{
fib(6);
}
```

```
c:\Documents and Settings\abdulbsait
1,1,2,3,5,8,13,
```

بەڕێزان.. لە بەرنامەیکی دیاریکراودا دەتوانین زیاد لە یەك فەنگشن بنوسین و لە بەشی سەرەکی main() دا بانگی بکەین و دیارە بەشی پێش main() بریتیە لە شوێن نووسینی فەنگشن، دیارە دەکرێت فەنگشنکان لە دوای main() وە بنوسرێت بە مەرجێك ناوەکەی لە پیش بەشی سەرەکی نووسرابێت و تەنها بودی فەنگشنەکە لە دواییدا نوسرابێت.

هەندێ جار دەتوانین زیاد لە گۆڕاوێك ڕەوانە بکەین بۆ فەنگشنەکە بۆ نموونە لە دۆزینەوەی گەورەترین کۆلکەی هاوبەش دا پێویستە دوو ژمارە بنێردرێتە ناو فەنگشنەکە و دواتر گەورەترین کۆلکەی هاوبش لەو فەنگشنەدا بدۆزرێتەوە وەك دەبینین لەم کۆدەی خوارەوە:

```
int gcd(int a,int b)
{    int i;int j;
for (i=a;i>0;i--)
{
     if(a%i==0&&b%i==0)
     return i;
}
}
int main()
{
cout<<gcd(12,8);
}
```

```
c:\Documents and Setting
4
```

بەڕێزان جۆرێکی تر لە فەنگشن پێی دەوترێ recursion کە بە واتای ئەوە دێت ئەو فەنگشنەی خۆی بانگدەکاتەوە کەواتە لە هەمان کاتی ئەوەی کە کۆدی فەنگشنەکە دەنوسرێت لە ئەو شوێنەدا هەمان فەنگشنە بانگ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ناو خوێدا خوێ جێ بەجێ بکرێت ئەم نموونەی خوارەوە هەمان کاری دۆزینەوەی فاکتۆریاڵە بە شێوازی recursion:

```
int fact(int a)
{int fact1;
if(a==1)
fact1=1;
else
fact1=a*fact(a-1);
return fact1;
}
int main()
{
cout<<fact(5);
}
```

```
c:\Documents and Settings\
120
```

وەك دەبینین لەم کۆدەی لای سەرەوە کە لە ناو بەشی فەنگشنەکە نرخی ئەو گۆڕاوەی کە پێویستە فاکتۆریاڵی بۆ دەربکرێت تاقیدەکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانین نرخەکەی 1ە یان زیاتر ئەگەر یەك بوو ئەوە ڕاستەوخۆ نرخی فاکتۆریاڵەکە بریتی دەبێت لە 1 بەڵام ئەگەر زیاتر بوو ئەوا بریتیە لە نرخی گۆڕاوەکە جارانی نرخی فەنگشنەکە بۆ یەك دانە کەمتر لە نرخی گۆڕاوەکە:

```
Fact(5)=5*fact(4)
Fact(4)=4*fact(3)
Fact(3)=3*fact(2)
Fact(2)=2*fact(1)
Fact(1)=1
```

بە دانانەوەی یەك بە یەکی نرخەکان بریتی دەبێت لە fact(5) دەبینین کە نرخی 1*2*3*4*5.

ئەم کۆدەش ببینە بۆ ئەوەی بزانین ژمارەی فیبۆناسی چۆن دروست بکەین بە بەکارهێنانی recursion function

```
int fib(int a)
{int fib1;
if(a==1||a==2)
fib1=1;
else
fib1=fib(a-1)+fib(a-2);
return fib1;
}
int main()
{
cout<<fib(8);
}
```

```
c:\Documents and Settings\ab
21_
```

لە ڕاستیدا شێوازی recursion یەکێکە لە شێوازە زۆر گرنگەکان بۆ کورتکردنەوەی هەنگاوەکانی ناو فەنگشن بەم شێوەش لە لووپ یان هەندی کرداری تری پرۆگرامینگ مان پێویست نابێت لە کار پێکردنی ناو فەنگشندا.

# منداڵ و بەکارهێنانی ئینتەرنێت

ئەندازیار حازم حەمەد جاف

ئینتەرنێت لە سەردەمی ئێستاماندا بووە بە واقعێك و تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەمان بووەو سەرجەم بوارەکانی گرتۆتەوەو بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگی دەستکەوتنی زانیارییەکان، وە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆرو شێوەو ستایڵی ژیاندا هەیە بە هەردوو ڕووی ئیجابی و سەلبی، بۆیە پێویستە بزانین و هۆشیاری تەواومان هەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم تەکنۆلۆجیایە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و سوود لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی وەرگرین بۆ کارئاسانی کارەکانی ڕۆژانەمان وە هەوڵ بدەین خۆمان بپارێزین لە لایەنە نێگەتیڤەکانی و کەم کردنەوەی کاریگەریەکانی لەسەر خۆمان و دەوروبەرو تاکەکانی کۆمەڵ بە گشتی وە پێویستە بزانین چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەم تەکنۆلۆژیایە سەردەمیە دەکەین.

دیارە لای هەموومان ڕوونە کە منداڵ بەردی بناغەی سەرجەم کۆمەڵگاکانە، پێکهاتەی سەرەکی ئایندەو دوارۆژی کۆمەڵگەیە، بۆیە گرنگی دان پێی و ڕاست و دروست ئاراستەکردنی لە ژیاندا ئەرکی گشت تاکەکانی کۆمەڵگەیە هەر لە یەکەم یەکەی کۆمەڵگا بگرە کە خێزانە ئینجا دەوروبەرو سەرجەم تاکەکان و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگا.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە زیادبووندایە، وە ڕێژەیەکی زۆریش لەو بەکارهێنەران منداڵن چونکە منداڵ بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵگاکانن، بۆ نموونە هەر لە ئەمریکا بە پێی ئامارێك ژمارەی بەکارهێنەرانی منداڵ لە ساڵی 2005 بریتی بوو لە 25 ملیۆن بەکارهێنەر ئەم ڕێژەیەش ڕۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایە چونکە ئینتەرنێت چوەتە گشت بوارەکانی ژیان لە ماڵ و قوتابخانە و شوێنە گشتیەکان... هتد، وە لە کوردستانی خۆشمان ساڵ بە ساڵ هەست بە زیاد بوونی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دەکرێت، کە لەناو ئەم بەکارهێنەرانە ڕێژەیەکی زۆری منداڵ هەن.

هەروەکو باسمان کرد ئینتەرنێت جیهانێکی کراوەیەو کەس خاوەنی ئەم تەکنۆلۆژیا نیە وە لەهەمان کاتدا هەموو کەس خاوەنیەتی، وە دەرگای گشت سەرچاوەکانی زانیاری بە گشت جۆرەکانیەوە بە ڕووی بەکارهێنەرانی والا کردووە، بۆیە شتی باش و خراپ لە ئینتەرنێت بوونیان هەیە بە سیفەتی ئەوەی کە کۆمەڵگەی مرڤایەتی هەردوو جۆری باش و خراپی تێدایە، بۆیە پێویستە بزانین چۆن شتەکان لەیەك جودا دەکەینەوە، لەوانە بۆ کەسانی گەورە مەبەستم مرۆڤی سەروو 18 ساڵە کە بە کەسی پێگەیشتوو دادەنرێت تا ڕاددەیەکی باش دەتوانێت باش و خراپ لەیەکتر جودا بکاتەوە، کەچی منداڵ ناتوانێت بە ڕوونی شتە باش و خراپەکان لەیەکتر جودا بکاتەوە بۆیە پێویستە بە ڕێنمایی و هۆشیاری تەواو هەیە بۆ ئەوەی ڕێنوێنی بکەین بۆ شتە باشەکان و بیپارێزین لە شتە خراپەکان.

دوای بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی فراوان و زیادبوونی بەکارهێنەرانی و دەرکەوتنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئینتەرنێت، ئێستا زۆرێك لە وڵاتانی دونیا خەریکی دانان و دەرکردنی یاساو ڕێساو ڕێنماییین دەربارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ پاراستنی بەکارهێنەرانی لە ئیستغلال کردن بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان.

بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە گشتی و منداڵ بە تایبەتی لە کارتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت هەست بە ئازادی زیاتر دەکات چونکە دوورە لە چاوی کۆمەڵگەو بە ئازادانە دەچنە ژوورەکانی گفتوگۆکردن کە بە (چات) ناسراون وە بە ئازادانە باس و خواس لە شتەکان دەکەن بە بێ ئەوەی ڕەچاوی تەمەن و ڕەگەزو باری کۆمەڵایەتی بکەن، وە هەتا زۆر جار زۆرێك لە پرسیار ئاراستەی یەکتر دەکەن لەکاتی چاتکردندا کە لە دەرەوەی ئینتەرنێت شەرم دەکەن کە ئەو پرسیارانە لەیەکتر بکەن ئەویش لەبەر ئەوەی سروشتی ئینتەرنێت وایە کە پێویست ناکات کەسەکان ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن و دەتوانن بە ناوێکی خواستراوەو گفتوگۆ بکەن وە زۆر جار ئەو ناوە خواستراوانە پێچەوانەی سروشتی کەسەکانن بۆ نموونە کەسێکی ترسنۆك ناوی ئازا لە خۆی دەنێت، کوڕێك بەناوی کچانەوە چات دەکات وە بە پێچەوانەوە، بۆیە زۆرجار لەبەر بچووکی تەمەن ناتوانرێت هەموو باس و خواسەکان بە دروستی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، وە لەلایەن کەسانی گەورەتر لە تەمەن ئەم هەلانە دەقۆزرێنەوە بۆ کاری نا دروست سوودیان لێ وەردەگرن.

بەکارهێنەری ئینتەرنێت بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری ئەو نامەو پڕوپاگەندە ڕاگەیاندنانە لەسەر دەبێت جا بە پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ کە لەکاتی گەڕان بەناو سایت و لاپەڕەکانی ئینتەرنێت تووشیان دەبێت، وە لێرەدا دەبینین منداڵ زیاتر کاریگەری ئەمانەی لەسەر دەردەکەوێت جا زۆر جا ئەم پڕوپاگەندانە سەر دەکێشێت بۆ ڕەوشتی نادروست و نەگونجاو دوور لە ڕەوشتی کۆمەڵگاکەو ناسنامە و ئاینی ئەو منداڵە، کە دواتر باجی لاری یاخی بوونی ئەم تاکە یەکەم کەس دایك و باوك و سەرپەرشتیاری ئەم منداڵە دەیدەن وە پاشانیش کۆمەڵگە بە گشتی.

### منداڵ و بەکارهێنانی ئینتەرنێت

منداڵ هەست بە خۆشیەکی زۆر دەکات لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، وەکو ناردنی ئیمەیڵ بۆ یەکتری و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر لە ڕێگەی ژوورەکانی چات کردن و گەڕان لەناو ئینتەرنێتدا کە پڕیەتی لە زانیاری جۆراوجۆر.

بەڵام ئایا دەکرێت ڕێگە بدرێت بە منداڵ بە ئارەزووی خۆی هەر سایتێك بکاتەوەو لەگەڵ هەر کەسێك گفتوگۆ بکات بە ئارەزووی خۆی، بێ گومان نەخێر، چونکە زۆربەی توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە منداڵان لە ئینتەرنێت لەلایەن کەسانێکی دەروون نا دروستەوە ئیستغلال دەکرێن بۆ کاری بەدرەوشتی و ڕفاندن و کاری تێکدەرانەو تیرۆرو هاندانی خۆکوشتن و چەندین کاری تری لەم جۆرە.

### قەدەغەکردن یان ڕێنمایی کردن؟

بێ گومان قەدەغەکردنی ئینتەرنێت لە منداڵ یاخود گەنج کارێکی ئاستەمە، چونکە ئەگەر تۆ کە ماڵ لێی قەدەغە بکەیت ئەوا لە دەرەوەی ماڵ بە ئاسانی دەستی دەکەوێت لەگەڵ هاوڕێکانی یاخود قاوەخانەکانی ئینتەرنێت و قوتابخانەو شوێنەکانی تر.

کەواتە ئایا ڕێگە بدەین کە منداڵ و گەنجەکانمان ئینتەرنێت بەکاربهێنن، یاخود وایان لێبکەین دوور لە چاوی ئێمە لە دەرەوەی ماڵ بەکاری بهێنن؟



بێ گومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ماڵ بە چاودێری دایك و باوك باشترە نەوەك لە دەرەوە دوور لە چاودێری.

بە ڕاستی پێویستە منداڵ و گەنجەکانمان بپارێزین لە مەترسیەکانی ئینتەرنێت، وە بە پلەی یەکەم ئەرکی دایك و باوکە ئەگەر شارەزاییان هەبوو لە ئینتەرنێت ئەگەرنا کەسێکی تر لە ماڵەوە کە شارەزای ئینتەرنێت بێت بە چاودێری دایك و باوك، چۆن کاتێك منداڵەکەمان دەچێتە سەرشەقام خەمی ئەوەتە نەوەك ئۆتۆمبێلێم لێی بدات، وەکاتێك سەرمایە جلی لەبەر دەکەیت نەوەك سەرمای بێت، وەکاتێك نەخۆش دەکەوێت بە پەلە دەیبەیت بۆلای پزیشك بۆ چارەسەری دەبێت بەهەمان شێوە خەمی ئەوەمان هەبێت کە منداڵەکەمان لەدەست نەچێت و بە شێوەیەکی زانستیانەو دروست ئاگاداری بین و چاودێری بکەین و ڕێنمایی بکەین لەکاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئەوەی نەوەیەکی سوود بەخش دەرچێت بۆ نەتەوەو گەلەکەی.

بۆ ئەوەی منداڵەکانمان پارێزین لە زیانەکانی ئینتەرنێت لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

1- با کۆمپیوتەرەکە لەماڵەوە لە شوێنێکی دیار دابنرێت، نەك لە ژوورێکی تایبەت.

2- پێویستە باوك یاخود دایك یاخود کەسێکی گەورە لە ماڵ شارەزایی هەبێت لە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بۆ ئەوەی ئەو سایتانەی کە لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەکرێنەوە بزانرێن.

3- بە هیچ شێوەیەك لە پێش منداڵەکە یاخود گەنجەکە نابێت کۆمپیوتەرەکە بپشکێنرێت و بزانرێت کە چی سایتێك کراوەتەوە، بەڵکو دەبێت لە کاتێك بێت کە ئەو لە ماڵ نەبێت.

4- پێویستە کۆمپوتەرەکە لە ڕێگەی پرۆگرامی تایبەتەوە ئەو سایتانەی کە زیانی بۆ منداڵ هەیە و پێویست ناکات منداڵ سەیری بکات قەدەغە بکرێت و نەهێڵرێن بکرێنەوە. لە بری ئەوە چەندین سایتی تایبەت بە منداڵان بخرێتە (Favorites)ی کۆمپیوتەرەکەوە.

5- پێویستە ئامۆژگاری منداڵ بکرێت سەبارەت بە ئینتەرنێت و سوودو زیانەکانی وە ئاگادارکردنەوەی لە ئاکامی خراپی بەکارهێنانی ئینتەرنێت گفتوگۆ نەکردن لەگەڵ کەسانێك کە نەیان ناسێت.

6- پێویستە هەستی چاودێری خۆیی (الرقابة الذاتية) لای منداڵ دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر لە هەر شوێنێك بە تەنهاش بوو نەچێت سایتی خراپ و نابەجێ بکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئینتەرنێت دیارییەکی بە نرخی تەکنۆلۆژیای سەردەمە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، بەڵام هەروەکو زۆربەی زۆری تەکنۆلۆژیاکانی تر ئینتەرنێت چەکێکی دووسەرە هەردوو لایەنی باش و خراپی تێدایە پێویستە ئێمە بزانین چۆن سوود لە لایەنە چاکەکانی وەربگرین بۆ بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا، وە چۆن خۆمان لە زیانەکانی بپارێزین.

# سەرەتایەك بۆ بەرنامەی پاوەر پۆینت
## Microsoft Office PowerPoint 2003



سۆران عەلی پیرۆت
soranpro@yahoo.com

**پێشەکی:**


بەرنامەی پاوەرپۆینت یەکێکە لە بەرنامە بەناوبانگەکانی کۆمپانیای زەبەلاحی ئەمریکی مایکرۆسۆفت کە بەکاردێت لە بواری ڕاگەیاندن وەك تەلەفزیون.

**چۆنیەتی کردنەوەی بەرنامەکە**

Start> All program> Microsoft Office> Microsoft Office PowerPoint 2003




دواتر لیستی فایل هەڵبژێرە لە شریتی (Menu bar) دواتر بچۆرە سەر (page setup) و کلیکێکی چەپی لەسەر بکە دواتر چەنجەرەیەك دەبێتەوە کە دەتوانی قەبارەی پەڕەکە و شێوەی ئاسۆیی وستونی بگۆڕت . بڕوانە ئەم وێنەیە:




ئەگەر بێت و باسی هەموو بەرنامەکە بکەین ئەوا بە چەند سەد پەڕێك کۆتایی نایەت بۆیە لیرەدا تەنها تیشك دەخەینە سەر ئەو لیستانەی کەلە بەرنامەکەدا تازەن واتا لە لە بەرنامەکانی تردا نین تەنها لە بەرنامەی پاوەرپۆینت نەبێت، چونکە لیستەکانی ( File، Edit، View، Tools، Window، help) هەموو کارەکانیان وەکو بەرنامەی مایکرۆسۆفت ۆردە لە هەمان کاتیشدا کارەکانیان ئاسانە.

**باسکردنی لیستەکان**

**لیستی Insert**

لەم لیستەدا هەمووکارەکان دووبارەن و ئاسانن بەڵام یەك بەش زیاد بووە بەناوی New Slide کە دەتوانیت پەڕی نوێ پێ بکەیەوە .

**لیستی Format**

ئەم لیستە زۆر کار ئەنجام دەدات وەکو Slide Design کاتێك کلیکێکی لەسەر بکەیت لە لای ڕاستی شاشەی کۆمپیوتەرەکە پەنجەرەیەك دەبێتەوە بەشێوەیەکی ستونی، کەلەسێ بەش پێکهاتووە بەشی یەکەمیان Design Templates دا چەند پەڕێکی ئامادەکراو هەیە کەدەتوانیت هەڵیبژێریت، لەبەشی دووەم Color schemes دا ڕەنگی ئەو پەڕەی کە لەبەشی یەکەمدا هەڵمانبژار دەگۆڕین، لەبەشی سێ یەم کە Animation schemes دا جووڵەی پەڕەکە کاتێك دەکرێتەوە هەڵدەبژێرین. بڕوانە ئەم وێنەیە:




وە هەروەها Slide layout دەتوانی شوێنی تێکستەکان یان ڤیدیۆ و خشتەکان دیاری بکەین کە بۆ خۆی چەندین دانەی ئامادەکراوی تێدایە. وە لە Background دا ڕەنگی پەڕەکەت بەشێوەیەکی جوان هەڵبژێریت واتە تێکەڵ کردنی دووڕەن یان دانای باگراوندی زەخرەفەیی.

**لیستی Slide Show**

ئەم لیستە گرنگترین لیستی بەرنامەی پاوەرپۆینتە، وەلەهیچ بەرنامەیەکی تردا نیە جگە لە مایکرۆسۆفت پاوەر پۆینت .کە دەتوانیت لەم لیستەدا دەست بەسەر هەموو ئەوکارانەدا بگریت کە بە شێوەی لینك واتە دووگمەیەك بە فایلێکەوە ببەستیتەوە یان هەموو ئەوکارانەی کە جۆڵە بۆ نوسین پەڕ و دانانی ئاواز.

بەشەکانی ئەم لیستە ئەمانەت

1- View Show > ئەم بەشە کە کاتێك تۆ کارێك دەکەیت یان جووڵەیەك دادەنێیت دەتوانی بەم بەشە تەماشای بکەیتەوە بەشێوەیەك کە خۆت بتەوێت دەست نیشانی ئەو شتانەبکەیت کە بەلاتەوە گرنگن.

2- Setup Show > کەدەتوانیت بەشی یەکەم کە View Show یە ئامادە بکەیت واتا کاتێك تۆ تەماشای پڕۆژەکەت دەکەیت بەقەبارەی چەند ئەوپڕۆژەیە بکرێتەوە یاخود هەموو پەڕەکانن بکرێنەوە لەکاتی تەماشاکردن یان کاتێك تەماشاکردنەکە تەواو دەبێت پڕۆژەکە دووبارەببێتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی. بڕوانە ئەم وێنەیە:




3- Rehearse timings > کە دەتوانیت بەم بەشە ڕیکۆردێك بگریت لەو پڕۆژەیەی کە دروستت کردووە، بۆنمونە تۆ نوسینێکت نوسیوە و جوڵەیەکی دەدەیتە دواتر کە پڕۆژەکەت تەماشاکرد بەم بەشە کاتژمێرێك دێتەسەر سوچی کۆمپیوتەرەکەت تۆ بۆ ماوەی چەند ئەم پڕۆژەیە ڕابگریت ئەوا ئەوکاتە بۆتۆ دەبێت بە پڕۆژەکەت.

4- Record narration > کە دەتوانیت بەم بەشە ئەو دەنگەی کە بۆ هەموو پڕۆژەکەت داناوە لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی بە شێوەیەکی ڕێك بیپارێزیت، وە لەکاتی پاراستندا دەتوانیت جۆر و سەدای ئەو دەنگە دیاری بکەیت کە ئارەزووت لێ یە.

5- Action buttons بەم بەشە دەتوانی دووگمەیەك بهێنیت، دواتر بە پڕۆگرامێك یاخود پەڕێکی تریەوە ببە ستیتەوە یان دەتوانی بە ماڵپەر یاخود هەرشتێکی تر، کاتێك لەسەر یەکێك لە دووگمەکان کلیکت کرد دواتر لەسەر پەڕەکە ماوسەکەت ڕابکێشە و دووگمەکە دروست بکە، لەو کاتەدا پەنجەرەیەکت بۆ دەبێتەوە بۆ بستنەوەی یاخود لینك کردن.

لەم پەنجەرەیەدا ئەم کارانە هەیە

لەسەرەوە دوو بەش هەیە یەکەمیان کاتێك تۆ کلیکێکی چەپ دەکەیت لینکەکەت بۆ ببێتەوە،بەڵام دووەمیان کاتێك تۆ دەچیتە سەر دووگمەکە بەبێ کلیك کردن لینکەکە دەبێتەوە.

ئەگەر کلیك لەسەر None بکەیت واتا هیچ بەستنەوەیەك نەکرێت.

لە Hyperlink to دەتوانی بەپەڕێکی تریان هەرشتێکی بتەوێت ئەودووگمەیە ببەستیتەوە .

لە Run program دەتوانی بە پڕۆگرامێك یان (Setup)ی پڕۆگرامێك دووگمەکەت ببەستیتەوە.

لە Play sound دا دەتوانی دەنگێك دابنێیت لە کاتی کلیك کردندا. بڕوانە ئەم وێنەیە:




وە دەتوانیت هەموو ئەو وێنەو نوسینانەی یان هەرشتێکی خۆت ئارەزووت لێ بێت بە پەڕەکان و بەرنامەکانیەوە ببەستیتەوە، کاتێك نوسیینێك دەنوسیت ئینجا نوسینەکە سلێکت بکە بچۆرەرە سەر لیستی Insert ئینجا Hyperlink هەڵبژێرە دەبینیت پەنجەرەیەك دەبێتەوە تۆ بە هەمان شێوەی پێشووتر کارە کان ئەنجام بدە تەنها کەمێك جیاوازی لەو پەنجەرەیە دا هەیە،

6- Animation schemes ئەم بەشەمان باسکرد پێشتر لە لیستی فۆرمات دا کە بەکاردێت بۆ دانانی گاریکەی واتا جوڵە لەنێوان پەڕەکاندا لە کاتی چوونت لەپەڕێکەوە بۆ پەڕێکی تر.

7- Custom Animation ئەم بەشە لە بەرنامەی پاوەر پۆینت دا زۆر گرنگە و جیاکەرەوەیەکی گەورەیە لە بەرنامەکانی تر کە دەتوانیت کاریگەی جووڵە بدەیت بەو نوسین ئۆبجێکتانەی کە تۆ بەکارت هێناون لە ناو پەڕەکەدا، کاتێك کلیکێکی چەپی لەسەر دەکەیت لە لای ڕاستی بەرنامەی شاشەی کۆمپیوتەرەکە پەنجەرەیەکی ستونی دەبێتەوە، سەرەتا هیچ بەشێك چالاك نیە تاکو کاتێك تۆ کلیکێك لەسەر ئەو بۆکسە (بۆکسی نوسین) یان هەرشتێکی تر نەکەی، ئینجا لەسەرەوە بەشی Add effect چالاك دەبێت، کەکاتێك کلیکێکی لەسەر دەکەیت چوار بەشی تر بەدوای دا دێت یەکەم > Entrance کە ئەو جووڵانەی لەناودایە کە وادەکات نوسینەکەت یان بۆکسکە لە نادیارەوە دەربکەوێت.

دووەم > Emphasis کە ئەو جوڵانەی لەناودایە کە نوسینەکە یان بۆکسەکە لە جێگای خۆی کاریگەی پێ دەدات.

سێ یەم > Exit کە ئەو جوڵانەی لەناودایە کە نوسینەکە یان بۆکسەکە لە دیارەوە دەشارێتەوە.

چوارەم > Motion paths بەم بەشە دەتوانی جوڵەیەك بکێشی بە ئارەزووی خۆت .

لە هەریەك لەم بەشانەی سەرەوەدا لە خوارەوەیاندا نوسراوە More effects کە دەتوانی جووڵەی زیاتر پێ ببینیت.

دووگمەی Remove بەکاردێت بۆ سڕینەوەی ئەو جووڵەیەی کە لە خوارەوە دەست نیشانت کردووە، وە لە Speed دا خێرایی ئەو جووڵەیە هەڵدەبژێریت کە دەست نیشانت کردووە، وە لەخوارەوەی Speed هەموو ئەو جووڵانەی بەکارت هێناون دەردەکەون دەتوانیت بەکردنی دوو کلیکی چەپ لەسەر هەریەکێکیان گۆڕانکاری لە جووڵەکەدا بکەیت وەك دانانی دەنگ لەکاتی هاتنی جووڵەکە یان ڕەنگ و خێرایی یەکەی،لە خوارەوەی پەنجەرە ستونیەکە Play هەیە بۆ بینینی جووڵەکان بەقەبارەی پەڕە کراوەکە، بەڵام Slide Show بۆ بینینی پەڕەکە بە پڕاوپڕی شاشەکە، بڕوانە ئەم وێنەیە:




8- Slide transition ئەگەر کلیکێکی چەپ لەسەر ئەم بەشە بکەین بە هەمان شێوەکانی پێشوتر لەلای ڕاستی شاشەی کۆمپیوتەرەکەمان پەنجەرەیەکی ستونی دەبێتەوە، دەتوانین یەکێك لە جووڵەکان هەڵبژێرین بۆ نێوان پەڕەکان لەکاتی گۆڕینی پەڕەکاندا. لە Speed دا خێرایی ئەو جووڵەیە هەڵدەبژێریت کە دەست نیشانمان کردووە، لە Sound دا دەنگێك بۆ جووڵەکە هەڵدەبژێرین، دواتر لەخوارەوە نیشانەی دوو سەهم هەیە ئەگەر یەکەمیان سەهم لێ بدەین ئەوا لە کاتی گۆڕینی جووڵەکان دەبێت بەکلیکێك بیان گۆڕین بەڵام، سەهمی دووەمیان کاتی بۆ دادەنێین کە جووڵەکان بۆ ئەو ماوەیە ڕادەوەستن و ئینجا جووڵەی دواتر دێت.

---




# خولەکانی پشووی هاوین

ئاشکرایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پشووی هاوین دەستپێدەکات، کە تیایدا کاتێکی زیاتر بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەڕەخسێتو ئەرکەکانیان روو لە کەمی دەکات. بۆیە زۆربەی قوتابیان هەوڵدەدەن لەم ماوەیە سوود وەربگرن بۆ پەرەدان بە تواناو بەهرەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی هونەری و زانستی و وەرزشیدا ئەویش بە بەشداربوون لەو خولانەی بۆ ئەم مەبەستە دەکرێنەوە، دیارە لە بوارە زانستیەکەدا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پشکی شێریان بەردەکەوێت لە داواکاری فێربوون.

لەبەر ئەمە ئێستا لە شار و شارۆچکەکەنی کوردستاندا چەندان سەنتەری جۆراوجۆر بۆ فێرکردنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دامەزراون، کە تیایدا وانەکانی فێربوون لەو بوارانەدا بە ئاستی جیاواز دەوترێنەوە، هەندێك لەو سەنتەرانە تەنها بە مەبەستی بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر، بێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە پرەنسیپێکی زانستی فێرخوازان وەردەگرن و بابەتەکان دەڵێنەوە، کە لەم نێوەندەدا تەنها خوێندکار زەرەرمەند دەبێت، کە کات و سامانی خۆی دادەنێ و هیچ سوودێکی دیاریکراویشی دەست ناکەوێت. بۆیە دەکرێت سەنتەرەکان بۆ باشترکردنی کاریان چەند خاڵێك لەبەرچاو بگرن.

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە کۆمپیوتەر جیهانێکی فراوانەو بابەتی زۆر لەخۆ دەگرێت، بەڵام خولەکانی هاوین کاتێکی کورتە بۆیە دەبێت گرنگی بە بابەتە سەرەکییەکان بدرێتو لەسەر بنچینەی کاتەکە پرۆگرامەکان دابڕێژرێت، وە دەبێت شوێنێکی شیاو دیاریبکرێت بۆ وتنەوەی کۆرسەکان، چونکە کاتەکە وەرزی هاوینە و ژمارەی ئامادەبووان و نەگونجانی شوێنەکە کاریگەری بۆ سەر ڕاددەی تێگەیشتنی بەشداربووان دەبێت. هەروەها هەوڵبدرێت بابەتەکان بەپێی ئاست و تەمەنی بەشداربووان دیاری بکرێت، بۆ ئەمەش دەکرێت لەکاتی وەرگرتنی قوتابیاندا بە تاقیکردنەوەیەکی خێرا ئاستی بەشداربوو دیاری بکرێت، ئەوجا بنێرێیتە ئەو ئاستەی بۆی دەگونجێت. هەروەها خاڵێکی دیکەی گرنگ بریتییە لە بوونی ژمارەی پێویست لە کۆمپیوتەر بۆ پراکتیك کردنی وانەکان، لەم ڕووەشەوە دەکرێت فێرخوازان دابەش بکرێن بەسەر چەند گروپێکی بچووکدا تا زیاتر سوودمەند بن. لەهەمووی گرنگتر دیاریکردنی کەسانی پسپۆڕە بۆ وتنەوەی خولەکان، چونکە تەنها زانیاری لەسەر ئەم بوارە بەس نییە، بەڵکو شێوازی گەیاندنی ئەم زانیاریانە بە بەرامبەر گرنگترە. لەگەڵ ئەمانەشدا بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە وانە وتنەوەو بەکارهێنانی هۆکارەکانی رونکردنەوە وەك بەکارهێنانی (داتاشۆ) لە کاتی شرۆڤەکردندا یارمەتیدەرێکی باشن بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لە کۆتایی خولەکەشدا دەبێت تاقیکردنەوەی پێویست هەبێت و بەشداربوو بڕوانامەیەك وەربگرێت کە ئاستی دیاری بکات ئەمەیان بۆ بەشداربوون لە خولەکانی ئایندەدا سوودی زۆری دەبێت.

ئەمانە هەندێکن لەو خاڵانەی کە دەکرێت سەنتەرەکانی فێرکردنی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەبەرچاوی بگرن تا بتوانن وەك پێویست خزمەت بە فێرخوازان بکەن و تەنها هۆکارە مادديەکان نەبنە پاڵنەر بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە.

qaradakhi@gmail.com

---




# چۆنیەتی نووسینی کوردی لە ڤێرژنە تازەکانی فۆتۆشۆپ

پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یەکێکە لە پرۆگرامە بەهێزەکانی بواری دیزاینی گرافیکی لە جیهاندا کە بەرهەمی کۆمپانیای ئەدۆبیە، لە کوردستانی خۆشماندا ئەم پرۆگرامە زۆر بەکاردەهێنرێت لەلایەن دیزاینەرەکان و زۆرجار لەلایەنی کەسانی ئاساییش بەکاردەهێنرێت لەبەر ئاسانی و سادەیی لە بەکارهێنانیدا.

دیارە ئەو ڤێرژنانەی کە کوردی تێدا دەنووسرێت ئەو ڤێرژنانەن کە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەوانە دەکرێن و تایبەتن بەو وڵاتانە.

لە دوایی ڤێرژنی 7 لەم پرۆاگرمە کۆمپانیای ئەدۆبی چەند ڤێرژنێکی لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەرکردووە کە ناسراون بە (CS) جا تا ئێستا CS, CS2, CS3 لێدەرچووە، ئەم ڤێرژنانە لەکاتی نووسین بە کوردی تێیاندا بە فۆنتەکانی (Encoding) کێشەیان هەیە. واتە نوسین بە فۆنتەکانی عەلی و زانست و ئەوانی تر. ئەویش ئەوەیە کە بۆشایی (space) لەنێوان وشەکان دروست ناکات، بەڵکو وشەکان بەیەکەوە دەنووسێنێت، جا لەبەر ئەو کێشەیە کە ناتوانن نوسینی کوردی تێدا بنوسن هەتا ئێستاش زۆرکەس هەیە ڤێرژنی کۆنی (Photoshop 7) بەکاردەهێنێت.

بێ گومان ڤێرژنە تازەکانی فۆتۆشۆپ زۆر تایبەتمەندی نوێی تێدایە کە لە ڤێرژنە کۆنەکاندا نین، بۆیە پێویستە دیزاینەر بەردەوام ڤێرژنی تازە بەکاربهێنێت بۆئەوەی سوود لەم تایبەمەنییانە ببینێت و لە دیزاینەکانیدا بەکاریان بهێنێت بۆ جوانترکردنی کارەکانی و خێرا جێبەجێکردنیان.

جا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستمان بە نوسین بە سیستەمی یونیکۆد هەیە. جگە لەوەش فۆنتی زۆر هەیە کە سەپۆرتی یونیکۆد دەکات و بە شێوەیەکی جوان سەرنج ڕاکێش دروستکراون.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئێمە کیبۆردی سی فۆر کورد دابەزێنینە ناو کۆمپیوتەرەکەمان تاکو بتوانین بە یونیکۆد بنوسین. ئەو کارەش زۆر ئاسانەو لە سایتی:
www.c4kurd.com

زۆر بە درێژی باسی لێوە کراوە. جگە لەوەش ژمارەیەك فۆنتی نوێ کە سەپۆرتی یونیکۆد دەکات دەتوانن دابەزێنن.

www.c4kurd.com

# چۆنیەتی دروستکردنی ئیمەیڵ لە گوگڵ

ئیمەیڵی گوگڵ کە بە جیمەیڵ ناسراوە بە یەکێك لە بەهێزترین ئیمەیڵی خۆڕایی دادەنرێت لە جیهانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا. بەڕادەیەك لەگەڵ سەرەتای دروستبونی ئیمەیڵی گوگڵ هەر دوو کۆمپانیای زەبەلاحی ئەو بوارە کە یاهو و مایکرۆسۆفت بون کەوتنە خۆیان بۆ زیادکردنی قەبارەی ئیمەیڵە خۆڕاییەکانیان و باشتر کردنی خزمەتگوزاری ئیمەیڵی خۆڕایی. چونکە دەیانزانی گوگڵ لەکارەکانیدا گۆڕانکاری و داهێنانی زۆر دەکات و رەنگە ئەوان بکەونە پەراوێزەوە.

بەهەرحاڵ چەند هۆکارێك وامان لێ دەکات کە ئیمەیڵ لە گوگڵ بکەینەوە کە لەم خاڵانە کورتی دەکەینەوە:

1- لە ئیمەیڵی گوگڵدا زۆر بە خێرایی دەتوانیت ئیمەیڵەکەت بکەیتەوە چونکە دوورە لە ریکلام و بە شێوەیەکی زۆر سادە دروستکراوە. بێگومان خێرایی کردنەوەی لاپەڕەی ئینتەرنێت کاریگەری خۆی هەیە لە بەناوبانگ بونی هەر سایتێك.

2- قەبارەکەی زۆر زۆرە بەرادەیەك لە یەکەمجار دەیکەیتەوە نزیکەی 6 گێگات هەیەو رۆژانە و بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر چرکەیەك کە بەسەر دەچێت قەبارەی ئیمەیڵەکەت زیاد دەکات. رەنگە لە مانگێکدا چەند مێگایەك زیاد بێت. بە شێوەیەك پێویستت بە سڕینەوەی ئیمەیڵ نیە.

3- ئیمەیڵی گوگڵ دەتوانیت بە بەرنامەی ئاوتلوکەوەی ببەستیت. لەگەڵ ئەوەی کە یاهوو و هۆتمەیڵ بە پارە دەتوانیت ئەو کارە بکەیت. ئەمەش وای لێکردوە زۆر کەس جیمەیڵ بەکاربهێنن.

4- گرنگترین کاری جیمەیڵ ئەوەیە ئەگەر هەرگیزیش ئیمەیڵەکەت نەکەیتەوە ئەوە ئێکسپایەر نابێت و داناخرێت. ئەمە کارێکی زۆر جیاکەرەوەیە لەگەڵ هۆتمەیڵ و یاهو.

ئەمانەو چەندین هۆکاری تری بەهێز هەیە کە وامان لێ دەکات ئیمەیڵ بە جیمەیڵ بکەینەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەنگاو بە هەنگاو باس لە دروستکردن و وەرگرتنی ئیمەیڵ بکەین لە گوگڵ. سەرەتا ئەم لینکەی بکەرەوە. www.gmail.com و دوای ئەوە ئەم روکارەی خوارەوەت بۆ دەردەکەوێت:




لێرەدا وەکو دەستنیشان کراوەو نوسراوە sign up for Gmail و کلیك لەسەری بکەو دەست دەکەینە پڕکردنەوەی فۆرم بۆ دروستکردنی ئیمەیڵەکەمان. دوای کلیك ئەم روکارەی خوارەوە دەردەکەوێت:




ئەم فۆرمەی کە دەی بینین دەبێت بەو شێوەیە پڕی بکەینەوە کە نوسراوەو پڕ کراوەتەوە.

لە First name: ناوی خۆت بنوسە.

Last name: ناوی باوکت.

Desired Login name: ناونیشانی ئیمەیڵەکەت دەنوسیت. لێرەدا چەند تێبینیەکی بچوك هەیە بۆ هەڵبژاردنی ناوی ئیمەیڵەکەت.

یەکەم: دەبێت ژمارەی پیتەکان لە شەش پیت زیاتر بێت.

دووهەم: دەتوانیت (.) دابنێیت لە نێوان ناوی خۆت ناوی باوکت. هەروەکو چۆن ئێمە نوسیومانە talan.hemin ئەوەش ئاسانکاریەکە بۆ ئەوەی ناونیشانی ئیمەیڵەکەت بە ئاسانی لەبەر بکەیت.

بەم شێوەیە هەوڵ بدە ناوێك دابنێ کە کەسی تر لە پێشدا نەیگرتبێت. ئەگەر بتەوێت پێش ئەوەی بەشەکانی تر پڕ بکەیتەوە بزانین ئەو ناوەی تۆ هەڵت بژاردوە هەیە یان نەء ئەوە کلیك لەسەر check availability و پێت دەڵێت ئەو ناوە هەیە یاخود پێشتر گیراوە.

دوای ئەوەی ناوەکەت هەڵبژارد دوو خانەی تر دێتە پێشەوە کە تایبەتە بە پاسۆردەکەت.

Choose a password: لێرە پاسۆردەکەت بنوسە بەڵام ئاگادار بە لە 8 پیت و ژمارە زیاتر بێت.

Re-enter Password: لێرەدا جارێکی تر هەمان پاسۆردی سەرەوە بنوسەرەوە.

Security Question: لێرەدا چەند پرسیارێك نوسراوە تۆ یەکێکیان هەڵ دەبژێریت. بۆ نمونە ئێمە پرسیاری What was your first teacher's name واتە ناوی یەکەم مامۆستات چی بوو.

Answer: لەم بۆشاییە دەبێت وەڵام پرسیارەکە بدەینەوە و ناوی مامۆستاکەمان چی بوە. ئێمە نوسیمانە Amang دەتوانیت هەر شتێك بنوسیت.

Location: لێرەدا وڵاتەکەت دەستنیشان دەکەیت وەکو چۆن ئێمە دەستنیشانمان کردوە.

Word Verification : لێرەدا نوسینێك بە تێکەڵاوی نوسراوەو دەبێت لەو بۆشاییەی خوارەوە بینوسینەوە. دەبێت بە وشیاریەوە بینوسیت و وەکو ئەو بێت و هەر جارەش جۆرە نوسینێکە واتە مەرج نیە ئەو نوسینە بێت کە ئێستا نوسراوە.

دوای ئەم کارە شتێکی وا نامێنێت تەنها کلیك کردن نەبێت لەسەر I accept Create my account ودوای کلیك کردن لەسەری ئەم روکارەی خوارەوەت بۆ دەردەچێت:




لەم روکارەی سەرەوە پیرۆزبایت لێ دەکات کە بویتە خاوەنی ئیمەیڵی جیمەیڵ. لەلای راست کلیك لەسەر I'm ready — show me my account و ئەم روکارەی خوارەوەت بۆ دەردەکەوێت:




سەیر دەکەیت دەچیتە ناو ئیمەیڵەکەتەوە کە روکارێکی زۆر زۆر سادەو جوانە. لە ژمارە یەك کە دەستنیشانمان کردوەو نوسراوە Compose mail بۆ ناردنی ئیمەیڵ و لە ژمارە دووش ئەو ئیمەیڵانەی بۆت هاتوە بیخوێنیتەوە.

بەم شێوەیە بویتە خاوەنی ئیمەیڵی جیمەیڵ. بۆ کردنەوەی ئیمەیڵەکە بە هەمان شێوەیەی پێشو دەچیتە ناو لینکی www.gmail.com و لە شوێنی نوسینی ناو و پاسۆرد هەوڵ بدە ناوو پاسۆردەکەت بنوسە و دەچیتەوە ناو ئیمەیڵەکەتەوە.


جگە لەمەش هەروەکو ئیمەیڵی یاهوو هۆتمەیڵ خاوەنی چاتی تایبەتی خۆیەتی بە ناوی Gtalk دەتوانیت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئیمەیڵی گوگڵن چات بکەیت.

# چۆن یاریەکانی ناو ویندۆز زیاد دەکەیت؟


زۆر جار کە بەرنامەکانی ناو ویندۆزەکەمان سەیر دەکەین یاری زۆر سادەی تێدایەکە لەناو ویندۆزدا دوای سێت ئەپ کردنی ویندۆزەکە ئەویش سێت ئەپ دەبێت. بەڵام هەندێك سیدی ویندۆز هەیە ئەو ئۆپشنەی ناهێڵن و یاریەکانی تێدا سێت ئەپ نابێت. بۆ ئەم مەبەستە بە رێگەیەکی زۆر ئاسان دەتوانین یاریەکان سێت ئەپ بکەینەوە.

بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت تۆ سیدیەکی ویندۆز ئێکس پیت هەبێت، چونکە لەکاتی سێت ئەپکردنەکە داوای سیدی ویندۆزت لێ دەکات.

سەرەتا با بزانین ئێمە کام یاریەمان لا مەبەستە. ئەمە وێنەی ئەو یاریانەیە کە لەناو ویندۆز خۆی هەیە.




ئەگەر ئێمە ئەم یاریانەمان نەدۆزیەوە ئەوە ئەم رێگایە بەکاردەهێنین بۆ سێت ئەپکردنیان. سەرەتا بچۆرە سەر Start و لەوێشەوە Control panel وەکو لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە:




دوای ئەوە Control Panel هەڵدەبژێرین ئەم روکارەی ترمان بۆ دەردەکەوێت کە هەموو بەشەکانی کۆنترۆڵ پانەڵی تێدایە.

لێرەدا ئاگادار بن دوو جۆر شێوەی پیشاندانی ئۆنترۆڵ پانەڵ هەیە. ئەگەر کۆنترۆڵ پانەڵەکەت بەم شێوەیە دەرکەوت:




ئەوە ئەو شوێنە کلیك بکە کە دەستنیشانمان کردووەو نوسراوە Add or Remove Pro-grams و ئەگەریش شێوەی کۆنترۆڵ پانەڵەکەت بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:





بە هەمان شێوە ئەوەی دەستنیشانمان کردوە کلیك بکە.


دوای ئەوەی کلیکمان کرد ئەم روکارەی خوارەوە دەردەکەوێت کە هەموو بەرنامە سێت ئەپکراوەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەمانی تێدایە:




لە دەستە چەپی روکارەکە نوسراوە Add/ Remove Windows Components و ئێمە کلیکی لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بەرنامانەی لە ناو ویندۆز سێت ئەپکراون یاخود نەکراون دەربکەوێت. هەروەکو چۆن لەم روکارەی دەرکەوتوە:




لێرەدا ئێمە کلیك لەسەر Accessories and Utilities دەکەین و دوای ئەوە لە خوارەوە کلیك لەسەر Details دەکەین و ئەم روکارەی خوارەوەمان بۆ دەردەکەوێت:




لێرەدا وەکو دیارە و نوسراوە Games و ئێمە کلیکی لەسەر دەکەین و ئەوکات ئۆکەی دەکەین و دەچینەوە سەر روکاری پێشوو و لەوێش Next دەکەین و بەم شێوەیە کارەکەمان تەواو دەبێت و هەموو ئەو یاریانەی کە لەگەڵ ویندۆزدایە سێت دەبێت. بێگومان یاریەکان زۆر سادەن بەڵام خۆش و سەرنج راکێشن.

# چۆنیەتی گۆڕینی وێنەی بەخێرهێنانی وێندۆز

نەسرۆڵڵا ئەحمەد - رانیە
nozan2007@yahoo.com


بۆ ئەوەی بتوانین وێنەی بەخێرهێنانی وێندۆز بگۆڕین بۆ ئەو وێنەیەی کە خۆمان مەبەستمانە پێویستە:

1- جۆری فۆرماتی وێنەکە (Bitmap) واتا (bmp) بێت.

2- بە ناوی (Welcome) خەزنی بکەین.

3- وێنەکە کۆپی بکەین بۆ ناو پارچەی هاردی (C)و لە ناو فۆڵدەری (Windows) پەیستی بکەین .

- سەرەتا دەچینە سەر (Star) دوایی (Control panel) پاشان دەبڵ کلیك لەسەر (User Accounts) دەکەین ئەم ویندۆیەمان بۆ دەبێتەوە تێیدا کلیك لەسەر (Change the way users log on or off) دەکەین وەك لە وێنەکە نیشان کراوە:





دواتر ئەم ویندۆیەمان بۆ دەکرێتەوە ئەم سەحە لە ناو ئەم چوارگۆشەیە لادەبەین کە لە وێنەکە دیاریهی کراوە. پاشان کلیك لەسەر (Apply Options) دەکەین:





دوای ئەنجام دانی ئەم کارانە دەچینەوە سەر (Start) ئینجا (Run) پاشان لەناو لاکێشەکە دەنووسین (regedit) و کلیکی (OK) دەکەین:





ئینجا ئەم ویندۆیەمان بۆ دەکرێتەوە و دەبڵ کلیك لەسەر (HKEY_USERS) دەکەین:





دواتر کلیکی سەر (DEFAULT) دەکەین:





پاشان دەبڵ کلیك لەسەر (Control panel) دەکەین:




دواتر یەك کلیك دەکەین لەسەر (Desktop):




ئینجا لە لای ڕاستی ئەم ویندۆیە دەبڵ کلیك دەکەین لەسەر (Wallpaper):




دوا هەنگاو بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە و تێدا ئەم دەستەواژەی خوارەوە دەنووسین:

C:\WINDOWS\welcome.bmp

پاشان Ok دەکەین.



سی فۆر کورد
هەفتەنامەیەکی ئەهلیە تایبەتە
بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان

خاوەنی ئیمتیاز:
شێخ فاتح ئیبراهیم

سەرنوسەر:
هێمن فاتح
مۆبایل: 07702124447 – 07504562693
ئیمەیڵ hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنوسەر:
هەردەوان نەقشبەندی
مۆبایل: 07504461340
ئیمەیڵ harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
حازم حەمەد جاف
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیڵ hazimjaf@c4kurd.com

بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەکانتان:
ئیمەیل: np@c4kurd.com

# ئەمریکا خێراترین کۆمپیوتەر دروست دەکات لە جیهاندا


وەزارەتـی وزەی ئەمریکی ئـەوەی ئاشکرا کرد کە ئێستا خێراترین کۆمپیوتەری هەیە لە جیهاندا بەناوی Roadrunner و توانیویەتی هەزار تریلیۆن کاری بیرکاری بکات تەنها لەیەك چرکەدا. بەم شێوەیە ئەم کۆمپیوتەرە دوو ئەوەندەی خێراترین کۆمپیوتەری جیهان خێراترە کە پێشتر دروستکراوە.

هەروەها وەزارەتـی وزە ئـەوەی ئاشکراکرد کە ئەگەر هەموو جیهان کە 6 ملیار کەسن بەیەکەوە بە حاسبەوە خەریکی کاری بیرکاری بن بە بێ وەستان و کارکردن لە 24 کاتژمێردا ئەوە کاری 46 ساڵی ئەوان ئەم بە تەنها یەك رۆژ دەیکات.

لەلایەکی ترەوە ئەم کۆمپیوتەرە یارمەتیدەرێکی باشی کاری بەڕێوەبردنی زانستی ناوەکیەو کە زۆر بە ئاسانی لە جیاتی لە ژێر زەویدا کارەکانیان بکەن و تێستی بکەن ئەم کۆمپیوتەرە دەیکات. نرخی تێ چونی ئەم کۆمپیوتەرە تەنها 100 ملیۆن دۆلارە.




# سایتێکی تایبەت بە جۆرەکانی فرۆکە



بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە زانیاریە لەبارەی فرۆکەو جۆرەکانی ئەوە سایتی www.jetphotos.net زیاتر لە یەك ملیۆن وێنەی فرۆکەی تێدایەو زانیاری و تایبەتمەندیەکانی زۆربەی فرۆکەکانی جیهانی تێدایە. هەروەها ڤیدیۆی زۆری تێدایە سەبارەت بە فرۆکەکان کە چۆن بەرز دەبنەوەو دەنیشنەوە.

لەگەڵ ئـەوەش وێنەکانی ناو ئەم سایتە رۆژانە زیاتر لە هـەزار وێنە زیـاد دەکـەن و بـەم شێوەیە وێنەی هـەر فرۆکەیەکت بوێت زۆر بە ئاسانی لێرە دەستت دەکەوێت. هـەروەها یانەیەکی تایبەتی تێدایە بە گفتوگۆ لەسەر جۆری فرۆکەکان و هـەر پرسیارێك هەبوو لە بارەی فرۆکەوە.




## دوا کلیک

# ئـــاخ لە دەست ڤایرۆس

**بـــاوکی هێڤار**

■ ڤایرۆس ئەو وشـــەیەیە کە لە وشـــەکانی کارەباو فیوزو گەندەڵی زیاتر بـــەکاری دەهێنیـــن. ژیانمان هەمووی بوەتـــە ڤایرۆس، بەڕادەیـــەك هەموان ئاشـــنایەتیمان لەگەڵیاندا پەیداکردوەو رۆژانە چاکو چۆنیمان هەیە لەگەڵیان. تکایە پێتان سەیر نەبێت وا دەڵێم.

لەم رۆژانە کچەکەم بردە لای دکتۆر قورگی ئەیەشـــا، وتی هیچ نیەو ترسی نیە تەنها توشی ڤایرۆسێك بوە و چەند رۆژێکی تر چاك دەبێتەوە. کەچی لەم لاوە برادەرێك لێم دەپرســـێت بەرنامەی ۆرد ناکرێتەوە، بەخوا هەست دەکەم (واتە برادەرەکەم هەســـت دەکات) کە کۆمپیوتەرەکەم توشی ڤایرۆس بوە!!. یـــان نەفەرێکی تر وتی ماوســـەکەم زۆر هێواش بوە، ڤایرۆســـەکان وایان لێ کردوە جوڵەیان لێ بڕیوەو رەنگە لەســـەر تیرەکە ڤایرۆس زۆر نیشـــتوبێتەوە. لەولاشەوە دەڵێت دەست مەدەن لە مشك و پشیلەو قەل و مریشك چونکە هەر یەکەیان چەندەها جۆر ڤایرۆسیان پێوەیە.

ئێستا لە نەخۆشـــخانەکانماندا لەســـەدا نەوەدی نەخۆشەکان ڤایرۆسیان هەیە، لەگەڵ ئەوەش کۆمپیوتەرەکانیشمان لەسەدا نەوەدو نۆ پڕە لە ڤایرۆس، بەڵام چۆن ڤایرۆســـێك؟ رەنگە زاوزێیان کردبێت و نەوەی نوێی لێ دەرچوبێت کە بەچەندەها دەرزی و ئەنتی ڤایرۆس قەڵاچۆ نەکرێن.

پێتان ســـەیر نەبێـــت تەلەفونیان بۆ کردم وتیـــان کۆمپیوتەرەکەمان مانگێك نابێت کڕیومانە کەچی دوکەڵی لێ بەرز بۆتەوەو ئیش ناکات. لەکاکی خەبیری دوکانەکەمان پرســـی ئەوە بۆ؟؟ وتی ئاگاتان لە خۆتان نەبوە و ڤایرۆس لەناو کۆمپیوتەرەکەتان بوەو مەزەربۆردەکەی ســـوتاندوە!!. ئێستا ڤایرۆسەکان هەر تەنها مەزەربۆرد ناســـوتێنن تەنانەت لە بازار گوێم لێ بوو سوتانەوەی لەشی ئینســـان لەم گەرمایە بەهۆی ڤایرۆســـێکەوەیە کە بە ئاسانی ئەنتی ڤایرۆس نایگرێت ئەگەریش کاسپەرسکای تازەشت هەبێت.

بەم شـــێوەیە و بـــەم رۆژ تا ئێوارەیـــە ڤایرۆس هەم لە لەشـــماندا و هەم لەنـــاو کۆمپیوتەرەکەماندا هاتو چۆیانەو کاری خۆیان دەکەن. نە بە حەبەکانی دکتۆرەکان چارەســـەری تەواوی ڤایرۆسەکانی لەشـــمان دەکات، نە زوو زوو بلاك لیســـتی کلیلەکانی کاســـپەر سکایە چارەســـەری تەواوی ڤایرۆسی ناو کۆمپیوتەرەکەمانەو ئەی چی بکەین و قوری کوێ بەسەرخۆماندا بکەین؟!

ئەوەندەی من سەرەتەقەیەکم هەبێت لە کۆمپیوتەردا، وابزانم هەرچی خراپی موادی کۆمپیوتەرو تێکچونی بەرنامە کراك کراوو دزراوەکانە ئەخەینە ئەستۆی ڤایرۆس و لە هەر شوێنێکەوە بەردێك بەر سەرمان بکەوێت دەڵێین ڤایرۆسە. رەنگیشـــە رێکەوتنێکی نهێنـــی لە نێوان دکتۆرەکانی ئینســـان و دکتۆرەکانی کۆمپیوتەر هەبێت کە ئەم مەوســـومە مەوسومی ڤایرۆسەو هەموو خراپیەکانی دونیا بە هۆی ڤایرۆسەوەیە. ئەگینا خاوی ماوس و نەکردنەوەی بەرنامەی ۆرد چ پەیوەندیەکی راســـتەوخۆی بە ڤایرۆســـەوە هەیە؟؟ تۆ بڵێی توشی هێرشی ڤایرۆس نەبوبینەوە لە دەرەوەی بۆشایی ئاسمان و بە خۆمان نەزانیوە؟

لەگەڵ ئەمانەش نکوڵی لەوە ناکرێت کە ڤایرۆسی باش باشی کۆمپیوتەر هەیە و ئەو ئەنتی ڤایرۆســـەی من هەر فلاشێکی خەڵکی لە کۆمپیوتەرەکەم ببەستم ئەوە دەیکاتە هات و هاوارێك ئەو سەری دیار نەبێت. داماوە ئەوەندەی کوشتوە زوو زوو هاواریەکی ئەو لاشە کوژراوانە پاك بکەرەوە. بەڵام توخوا ئەمە مانای ئەوە نیە خراپی و تێکچونی بەرنامەو کۆمپیوتەرەکەمان هەموو جارێك خەتای ڤایرۆس بێت و وەکو پەندێکی کوردی خۆمان هەیە و دەڵێت: هەرچی ســـمێڵی ســـورە هەمزاغا نیە. ئێوەش هەموو کێشـــەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت مەکە بە خەتای ڤایرۆس....

(سی فۆر کورد) ئامادەیە ڕێکلامەکانتان لە رووپەڕی لاپەڕەکانیدا بڵاوبکاتەوە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە
مۆبایلە: ٠٧٥٠٤٦٦٤٢٨٨ یاخود سەردانی ئەم لینکە بکەن: www.c4kurd.com/reklam.pdf




www.c4kurd.com